www.kurdistannet.org
26-9-2006 23:06 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# باشتان کرد باسی کێشەکانی مۆبایلتان کرد بەڵام!!!... رزگارکۆچەر

Rzgar_kochar@hotmail. com

کە گوتمان دەجینە پێش پەرلەمان و مۆبیلەکانمان دەشکێنین زۆر کەس گەڵتەی پێکردین، گۆتمان ئێوە هەوڵ دەن خەڵك هۆشیار کەن تا تەکنەلۆژیا نەبێتە دوژمنی مرۆڤایەتی.... گوتمان مۆبایل بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ دروست کراوە نابێت لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل کوران وکچانی کورد خەڵەتانی خۆیان بکرێن ئێوە کە زانیتان ئێمە بە کارەکە هەڵساوین خۆتان لی بی ئاگا کردین هەتا زومی کامیراکنیشتان رەوانە نەکرد...

ئێمە لە رێکخراوی گەنجانی بیسنور بی ئەوەی دەسەلات یەك فلسمان پێبدات درکمان بەم گرفتانە کرد لە مەجکۆ دادەنیشتین پارەمان کۆکردەوە تا یاداشتێك بنوسین قسەمان دەکرد گفتو گۆمان دەگۆریەوە دوای چارەسەر کردن و دیالۆکمان دەکرد لە نێوان گەنجی بە کێشە و دەسەڵات ئَێمە پێش هەموو کەس بەڵی بە شانازیەوە پێش هەموو کەس بە نوێنەرایەتی زیاتر لە 100 گەنجی کور و کچ جوینە پێش پەرلەمان یاداشتمان دا بە سەرۆکی پەرلەمان، گفتو گۆمان لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان کرد گوتمان کار بۆ هۆشیار کردنەوەی تاکی کورد بکەن کەمێك وەختی خۆتان بۆ ئەم گرفتانە تەرخان بکەن...

وەك گوتم کە ئێمە ئەو چالەکیانەمان دەکرد لەشاری هەولێر هەر پێنج برادەر و چوار جیران و دراوسی رێکخراوێکیان دادەنا سەنترێکیان دادەنا ئەوان ئەو کاتە خەریکی خولی دورمان و خولی شایی و سەرجۆپی کردن بوون کەس لەوان درکی بە مەترسی پێش هاتەکانی بلۆتۆزی مۆبایلیان نەدەکرد بەڵکو هەندێکان بە دەیەها گرتەی ئەو دیمەنانە لە ناو مۆبایلەکەیان سێڤ کرابوو ئەوان پَیش هەموو کەس وێنەی عامر و عەلی قەناس و کچە بەستەزمانەکانیان بڵاو دەکردەوە. بەڵی لە کار ونارەزای و جالاکیەکانی ئێمە خەریکە دەسەلات کار بۆ ئەوە دەکات تاك هۆشیار کاتەوە ئێمە دەست خۆشیان لێدەکەین ئەوە وا دەردەخات ئەوان گوێمان لێرادەگرن دووبارە دەستیان خۆش بێت بەڵام کاتێك هەندێك کەس ئەو جۆرە پرۆژانە دەکەن بە بیرۆکەی خۆیان ئەوجا ئێمە قسە دەکەین دەڵێن دەستت خۆش بێت کە باس لەم گرفتە دەکەیت بەڵام ئاگاداربە کە لە شیراتۆن دانیشتی و خۆت کردە خاوەن کێشە ئەوەت لەبەر چاو بێت رێکخراوێك هەیە ناوی رێکخراوی گەنجانی بی سنورە بی سنوریش لەوە نەهاتوە کە ئێمە سنور بۆ هیج شت دانانێین بەڵکو ئێمە سنورە دەست کردەکانی ئێوەمان پی قبول نیە و دەبێت لە ئایندە کار بۆ لادانی ئەو سنورانە بکرێت کە هەندێك بە قسەی زل و گەورە لە نێوان گەنجان ودەسەلات گەورەترین بەربەستی دروست کردوە...